# سلاوی گەرمی دڵی پڕ هومێدی ئێمەت پێشکەش، کەڵە ژنی کوردستان ئەی مەرزیەی مەزن و میهرەبان و نەمر . ڤینۆس فایەق

18سیپتەمبەر2005
هۆڵەندا

سڵاوی گەرمی دڵی پڕ هومێدی ئێمەت پێشکەش
پڵنگی هەردی وڵات ئەی هەڤاڵی پێشمەرگە
لە دەوری دەست و تفەنگت گەڕێم
کە رۆژی خەبات لە ئاستی هەڵمەتی تیژت چ ناگرێ بەرگە
ئا بەو وشانە و وشەکانی لە جۆری
شەش پەپوولەکەی گۆشەی باخەکەم
هەر بۆئێوەیە ئاخ و داخەکەم
هەر بۆ ئێوە لێو بەباری خەمم
بولبولی بەستە و گریە و ماتەمم
هەروەکوو پایز رەنگ زەردی ئێوەم
داخی دەروون پڕ لە دەردی ئێوە
خەمی ئێوەیە خەو و خۆراکم
شەوی تاریکە رۆژی رووناکم

ئا بەو وشانە مەرزیە زۆر بە ئاسانی، ناسك ناسك، هێمن، خانومان، بەهێز و خۆڕاگرتوو و جەسوور و لێهاتوو، بە دەنگ و ئامادەییە هونەریە رەسەنەکەیەوە خۆی ئەکرد بە دڵی جەماوەر و عاشق و شەیدایانی و دنگ و کەسایەتیە بڵندەکەی، ئەو مەرزیەی هەموو چێژ و خۆشیەکی لە خزمەتکردنی میللەت و دۆزە رەواکەی میللەتی کورد و خزمەتکردنی هونەری رەسەنی کوردی و ناساندنی بە ناوەندە بیانیەکان ئەبینی، ئەو مەرزیەی وڵاتێك لە خەم و نیشتیمانێك لە خەباتی لە کۆڵنابوو، لە کوردستانی خۆرهەڵاتەوە بەرەو مەنفا و غەریبی و لەوێوە بەرەو کوردستانی باشوور، ئەو مەرزیەی بێ وچان، بێ ئاە و نارەزایی لە خەباتی شاخ و ژیانی پێشمەرگایەتیەوە بەرەو ژیانی هونەر و خەباتی هونەری و نیشتیمان پەروەری، ئەو کەڵە ژنەی مێژوویەکی لە سەروەری و سەربەرزی و نەمری بە کاری هونەری و چالاکیە کۆمەڵایەتی و سیاسی و هونەریەکانی و بەخەباتی لەپاڵ هاوسەری ژیانیدا هونەرمەندی کوردی ناسراو ناسری رەزازی بۆخۆی هۆنیەوە، و ملوانکەیەك لە خۆشەویستی جەماوەر و عاشقانی هونەرەکەی بەردەوام کردبووە ملی و بە شانازیەوە ئەچوو بەپیر نەهامەتی و هیلاکی ژیانیەوە، ئا ئەو ژنەی من وامئەزانی هەرگیز مردن پەی بە مەلەکەتی سەرمەد و لەبننەهاتووی نابات، وامئەزانی ئەو دڵە گەورەیە هەرگیز نازانێت لە لێدانکەوێت، ئەو دەنگە هەرگیز نازانێت لە گۆرانی وتنکەوێت، کەچی ئەوەتا بە بێ دەنگی جێیهێشتین و نیشتیمانێك لە هونەر و سەروەری و وڵاتێك لە خەبات و سەربەرزی بۆ جێ هێشتین. . . .

ئەو ژنەی وا لەناکاو بە بێ ماڵئاوا لە وڵاتی غەریبی چاوی لێکنا و دونیایەك لە خۆشەویستی و گیانی فیداکاری و ئەزموونێکی دەوڵەمەند لە هونەر و چالاکی سیاسی و کۆمەڵاتی هۆنیەوە و کردیە ملی میللەتەکەی، ئەو ژنەی مەزنەی بۆخۆی بەتەنیا قوتابخانەیەکی هونەری باڵا بەرز بوو لە مێژووی مۆسیقا و گۆرانی کوردیدا. .

هەتاکوو ساتی نووسینی ئەم بابەتەش باوەڕم نەکردووە و هەرگیز باوەڕناکەم مەرزیەی فەریقی هونەرمەندی نازدار و شۆخ و شەنگ و خەباتگێڕ و بە وەفای میللەتی کورد کۆچی دوایی بکات، ئەو کەڵەژنەی هەرهەموو ژیانی تەرخان کرد بۆ خزمەت کردن بە میللەت و هونەر و ژنی کورد..

ئەمڕۆ کە ئەو هەواڵە دڵتەزێنەم بیست مووووچڕکە بە گیانمدا هات، ئەو یەکەم و تەنها جارەم وەبیرهاتەوە کە مەرزیەم تیاناسی و ئەو کاتە خۆزگەم خواست زووتر بمناسیبا، ئەو رۆژەم وەبیرهاتەوە کە ڤیستیڤاڵی دامەزراندنی لیژنەی ژنانی میدیای ئەمستردامی پایتەختی هۆڵەندام بەڕێوە ئەبرد ساڵی 2000، ئەو کاتەی لەسەر تەختی شانۆکەوە مەرزیەم پێشکەش کرد و ئەویش وەکوو فریشتە لە ئاسمانەوە هاتبێتەخوار هاتە سەر شانۆو و یەکەم وشە کە چاویکەوت بە جەماوەرەکەی وتی: بم وەساقەتان، ئەو بەو زمانە بەرز و پاراو و پڕ لە خۆشەویستیە لەگەڵ جەماوەرەکەیدا دەئاخافت، لەوە کەمتری بە جەماوەر نەدەوت، ئەو هاتە سەرشانۆو و ریژنەی چەپڵە بو ماوەیەکی درێژ خۆشی نەدەکردەوە، ئەو دەستی کرد بە گۆرانی چڕین و سەرتاپای ئامادەبووانی هۆڵەکە مەستی ئامادەگی و کەسایەتی و دەنگی ببون و شەیدای هونەرەکەی بوون، ئەو ژنە هێند خۆی فیداکردبوو بۆ هونەر و جەوماوەرەکەی نەیدەتوانی دەست بنێ بەڕووی کەسەوە کە هەموو پۆل پۆل ریزیان بەستبوو وێنەی لەگەڵ بگرن، هەر ئەو رۆژ و بۆنەیەم لە کیس خۆمنەدا و داوام لێکرد چاوپێکەتنێکی لەگەڵ سازدەم، ئەو خانمە بە خۆشحاڵیەوە قبووڵی کرد، بەمەرجێ کە گەڕایەوە سوید، ئەوەبوو هێند بەوەفابوو بۆ پەیمانەکەی دایبوومێ، هەرکە گەیشتە سوید بەخۆی پەیوەندی لەگەڵ کردم و چاوپێکەوتنەکەم لەگەڵی سازدا..

هەتا ئەم ساتەش توانای باوەڕکردنم نیە بەو هەواڵە، هونەری باوەڕکردن بە مردنی خۆشەویستانی وەکوو مەرزیەم بیرچۆتەوە، قەڵەمەکەم سەرسام و خەمگین و پڕ لە پەژارە. . . سڵاو لە مەرزیەی مەزن و میهرەبان و خەباتگێڕ، سڵاو لە کەڵەژنی هونەرمەندی کورد مەرزیەخان، نەفرەت لەو مردن و کۆچە ناوەختە، خۆزگە مردن لاپەڕەیەك ئەبوو گڕم تێبەرئەدا و مەرزیەی نەبردبا، درووود بۆ ئەو دەنگە نەمر و زوڵاڵ و زیندووە لە مێشك و دڵماندا..

ئینجا مەرزیەگیان من پێت ئەڵێم سڵاوی گەرمی دڵی پڕ هومێدی ئێمەت پێشکەش، کەڵە ژنی کوردستان ئەی مەرزیەی مەزن و میهرەبان و نەمر..